## ماڵێک بۆ خۆشەویستەکەم ... نامۆ

وتم ئەمجارە بتبینم
لەناو دڵما هەڵت ئەگرم
هەتا لەگەڵ گشت لێدانێ، لەگەڵما بی
ئاوێزانی ژیانم بی
بەڵام ڕوانیم تۆ زۆر لەوە ناسکتری
بەرگەی گەرمی و لێدانی دڵی من بگری
وتم ئەمجارە کە بینیم
ماڵۆچکەیەکی بچکۆلەی بۆ چێ ئەکەم
لە گەرووما
هەتا لەگەڵ خەمی قووڵی
پڕ تاسەما
هەتا لەگەڵ ڕاگوزەری
هەناسەما
لەگەڵمابی
خۆراکی سیەکانم بی وەکو هەوا
بەڵام ترسام
بەرگەی ئاخ و هەناسەی داخی من نەگری
ئەمجارەیان بۆ دوایین جار
بڕیارمدا
لە شوێنێکدا هەڵت ئەگرم
نەگەرمی دڵ بتژاکێنێ و
نەترپەی دڵ بترسێنێ
نەخەم ئاخت پێ هەڵکێشێ لە گەرووما
بڕیارمدا ئەمجارەیان
لە ناو چاووما هەڵت دەگرم
لەبەرچاووما بە هەمیشە
بە چاوەکانت ئەبینم
ئەی نازدارتر
لە گوڵی جوانی وەنەوشە
ئەگەر ڕۆژێک بڕیارمدا
لە خەڵکانێک حەشارت بەم
چاوەکانم ئەنووقێنم
تا ئەو خەڵکە
پەی بە جوانی
خۆشەویستەکەی من نەبەن
چاوەکانم ئەنووقێنم

2006 .4 .12